www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-6-2007 22:46

# گەڕانەوە.. نوسینی: بۆریس ڕژابنین ... وەرگێڕانی لەفارسیەوە: شەیدا بلباس

بەشی یەکەم

- " کوڕی چاک بەجێری! کاتێ لێرەنەبووم، ئاگات لەڤیرا بێت! بەگوێی بکەو لەخۆڕایی نەوەڕی! کەگەڕامەوە، لێی دەپرسم تابزانم چۆن ئاگاداریت لەماڵەوەکردووە٠٠"

کابرا ئامادەی سەفەر بوو٠ لەسەرئەژنۆ، لەبەرامبەر سەگەکەی دانیشتوو، دوا ئامۆژگاری دەکرد٠ سەگەکەبەووردیەوەگوێی بۆ شل دەکرد٠ هەستی دەکرد کەتا ئێستا بەم شێوەیەگوێی لەدەنگی خاوەنەکەی بەسۆزەوەنەبیوو٠ هەوڵی دەدا تاکو لەمەسەلەکەتێبگا، بەهەمان شێوەنیگای پەرێشانی بیری لەچیرۆکێکی نامۆیی دەکردەوە، کەبۆ مێشکەبچکۆلانەکەی شالاوهێنەر بوون، بیرکردنەوەیک کەسەرخۆشی هەمیشەیی لێدەستاند٠

سەگەکەتۆزێک ملی لارکردەوە، تا لەسەر و ڕووی خاوەنەکەی نزیکتر بێتەوەو بۆنی بکات٠ دەیووست بۆن و بەرامەی لەقوڵایی دەروونی جێگیر بکات٠ ڤیرای - کابانەماڵ - لەتەک هەردووکیانەوەوەستابوو٠ بەبێ ئۆقرەیی دەیووست مێردەکەی بەڕێ بکا و، ئەو چاوەڕوانیەدرێژەکۆتایی پێبهێنێت٠

پیاوەهەڵستا و کۆڵەپشتەکەی هەڵگرت٠ ژنەوای تێڕاما، وەک دڵی نیازێکی هەبێت و لەڕۆیشتنەکەی پەشیمانی بکاتەوە؛ پیاوەبەمیهرەبانیەوەئەو ی لەخۆی دوورخستەوەو دەستێکی بەسەر سەگەکەی داکێشاو بەپلیکانەکاندا دابەزیەخوارەوە٠

" ئەلێکسی تۆرین"بوو بەمیوانی بەرەکانی جەنگ٠

ژنەڕایکردەبەرپەنجەرەی ژوورەکە، کەبەسەرشەقامەکەدا دەکرایەوە، وویستی دوا تێڕوانینی ئاراستەی هاوسەرەکەی بکات٠ کەچی سەگەکەپێشی ئەو بەشوێنەکەگەیبوو٠

لەگەڵ یەکەمین قووقەی کەلەشێری بەیان، سەربازی چوارشانەی بالابەرز، لەدەمی دەرگا تێپەڕی و پێی هاویشتەناو شەقام٠ لەدوای چەند چرکەیێک٠٠ لەیەکەمین پێچکردنەوەی لەبەر چاواندا وونبوو٠

ژنەبۆ چەند ساتێک بەکش و ماتی مایەوە، لەدواییدا بەبێهەست فرمێسک لەچاوەکانیدا ڕێچکەیان بەست٠

---------------------------

ڤیرا هەموو ڕۆژێک بەیانیان زوو لەماڵ دەچووەدەرەوە، تا درەنگانی شەو ئیشی دەکرد٠ کاتێک دەگەڕایەوەسەگەکەی لەپشت پەنجەرەوەلەچاوەڕوانیدا دەبینی٠ سەگەکاتی هاتنەوەی ئەمیش فێربیوو، هەروەک چۆن پێشتر هاتنەوەی مێردەکەی دەزانی٠

لەڕابردوودا، بەنزیبوونەوەی کاتی هاتنەوەی ئەلێکسی، جێری دەکەوتەتەقەلاکردن٠ چەندین جار ڕێی نێوان دەرگەو پەنجەرەی ژوورەکەی دەبڕی، سەرەنجام کاتێ ئەلێکسی دەدی، نوزەنوزی پچڕاو و لورەیێکی بەرزی بەشادییەوەدەهت پێدەکرد٠

ئەگەر دەرگا داخرابوایە، ناڵەو نرکی سەری شاری دەقژاندەسەر ڤیراو ناچاری هەڵستانی دەبوو، تا دوای نەخات و دەرگای بۆ بکاتەوە٠ هەتا زوو ڕابکاتەحەوشەکەو ئەو بەرنامانەی خۆشەویستی و پێشەوازی لەئەلێکسیەوەوەربگرێ؛ چونکەماوەی ئەو مەشقانەی لەکاتی گەڕانەوەو چوونەژووردا، پێدەبەخشی٠

کاتێک ڤیرا و ئەلێکسی بوونەهاوسەر، جێری تەمەنی سێ مانگەبوو٠ توولەیێکی گاڵتەجار بوو، تازەچاوەووردیلانەکانی دەدرەوشانەوە٠ گوێچکۆڵەکانی شۆڕو چرنوکی درێژ و ناسکۆڵەبوون٠ مستێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێست و ئێسقان بوو· بەدەرکەوتنی بۆ بازار و شەقام دەبوەهۆی ئابروچوونی خاوەنەکەشی·· زۆر کەس گومانی ئەوەیان دەبوو، کەبرسێتی زۆری کێشابێت، وەلەسەردڵسۆزیەوەخەڵک نەفرەتی خاوەنەکەیان دەکرد·

بەتێپەڕبوونی زەمانەباردۆخی گۆڕانێکی باشی بەخۆوەبینی، هەیکەلێکی بەهێز و چوست·· ماسوولکەکانی لەژێرپێستی ڕەشبەڵەکیدانیشانەی چالاکیان لەتواناییدا دەنواند· کەوتەبیری گەڕان بەناو شار· جێری لەدووساڵیدا گۆڕانێکی وایبەسەرهاتبوو، کەببووەچاکترین نمونەی سەگەکانی هاوڕەگەزی خۆی· ئەو وەکو ئەو سەگانەی کەمەیلی خزمەت و وەفاداری لەبەرزترین پلەی بوونیاندا، تەنها بۆ جوانی و خۆنیشاندان نەبوو! بەڵکو ئەو ئەلێسکی بەخاوەنی خۆی دەزانی و بەگوێی دەکرد و بەدوای دەکەوت·

بەڕۆیشتنی ئەلێکسی، ئەو هەموو پەیوەندی و مەشقکردنەی گواستەبۆ ڤێرا و دڵخۆشی خۆی بۆ هەڵدەڕشت· جێری لەچاوەڕوانی ڤێرا دادەنیشت و بەهەڵەداوان بەپێشوازیەوەدەچوو· بەڵام هەروەک جاران هەموو ڕۆژێ ڕێک لەوساتەی کەئەلێکسی دەبوایەبێتەوە، نیوکاژمێر چاوەڕوانی بۆ دەکێشا· لەپاشان بەنادیاری دڵەبێ هیواکەی، پەنای بۆ گۆشەیێکی ژوورەکەدەبردو، نوقمی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی دەبوو·

---------------------------------------------------------------

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.